# گرێبەستی کاری پارێزەر

/ بازرگانی گشتی سەتور

لایەنی یەکەم/ کۆمپانیا /

لایەنی دووەم/ پارێزەر /

هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

1. لایەنی دووەم دەبێتە ڕاوێژکاری یاسای لایەنی یەکەم و کارەکەی بریتیە لە پێدانی ڕاوێژ و ئامۆژگاری یاسای بۆ لایەنی یەکەم.

2. لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارە یاساییە و جێبەجێکردنی کارەکانی , لایەنی دووەم بڕی (120000) دیناری عیراقی وەردەگرێت لە لایەنی یەکەم و ئەو بڕە پارەیە دەکرێت بە پێی ڕەزامەندی هەردوولا پێشەکی بدرێت.

3. پێویستە لایەنی دووەم ڕاوێژە یاساییەکان بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەموارکردنەکانی بدات بە لایەنی یەکەم.

4. لایەنی دووەم پابەند نییە بە دەوامی فەرمی ڕۆژانە لە کۆمپانیا , بەڵکو پێشتر پرسیار و ڕاوێژە یاساییەکان لە کۆمپانیا وەردەگرێت لە کاتی گونجاودا ڕاوێژی یاسای پێشکەش دەکات.

5. ئەگەر لایەنی یەکەم هەر داوایەکی یاسایی هەبێت یاخود لەسەری بەرز کرابێتەوە , یاخود مامەڵەیەکی لە یەکێک فەرمانگەکان و دەزگا نافەرمییەکان هەبێت , ئەوا هەردوولا لە دەرەوەی ئەو گرێبەستە بە پێی ماندووبونیکی پارێزەرایەتی ڕێک دەکەون بە پێچەوانەوە لایەنی دووەم پابەند نییە بە کارکردن دادبینی بێ بەرامبەر.

6. لایەنی یەکەم بۆی نییە کارێك بە لایەنی دووەم ڕاسپێرێت کە لە دەرەوەی پسپۆرییەتی بەرپرسیارییتی بێت لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستە .

7. هەر خەرجییەك کە لایەنی دووەم لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانی کۆمپانیا دەیکات, بە پێی پسوولە دەیداتە لایەنی یەکەم و بۆی دەگەڕێتەوە .

8. ئەو گرێبەستە لە ڕێککەوتنی واژۆ کردنیەوە بۆ ماوەی یەك ساڵە و دەکرێت بە بە ئارەزووی هەردوولایەن تازەبکرێتەوە.

9. بۆ هەردوولا هەیە کە گرێبەستەکە پێش وەختە هەڵبوەشێنێتەوە , بە مەرجێك پێشتر بەر لە مانگێك لایەنەکەی تر بە نووسراو ئاگادار بکاتەوە و لایەنەکەی تریش ڕەزامەندی لەسەر بدات .

10. دادگاکانی هەرێمی کوردستان, تایبەتمەندن بە تەماشاکردنی هەر کێشەیەك کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستە ڕوودەدات.

11. ئەو گرێبەستە لە ڕێکەوتی ٤ / ٥ / 2021 واژۆ کرا .

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
کۆمپانیاکان
نقابة محامي كوردستان

| لایەنی یەکەم | لایەنی دووەم |
|---|---|
| کۆمپانیا | پارێزەر / |

بازرگانی گشتی / سەتور دار